# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی نوێژی دەکرد ئەگەر ڕووی لە هەرئاراستەیەک بووایە، بەڵام ئەگەر بیویستایە نوێژی فەرز ئەنجامبدات؛ ئەوا لەسەر پشتی ئاژەڵەکە دادەبەزی وڕووی لە قیبلە دەکرد

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی نوێژی دەکرد ئەگەر ڕووی لە هەرئاراستەیەک بووایە، بەڵام ئەگەر بیویستایە نوێژی فەرز ئەنجامبدات؛ ئەوا لەسەر پشتی ئاژەڵەکە دادەبەزی وڕووی لە قیبلە دەکرد (بۆ ئەنجامدانی نوێژی فەرز)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی سەفەردا بۆ ئەنجامدانی نوێژی سونەت لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی نوێژی دەکرد، سەبارەت بە ئەم بابەتە ئەم گێڕانەوەیە هاتووە: (أن النبي -صلى الله عليه وسلم- كان يُصلي في السَّفر على راحِلته، حيث تَوَجَّهت به)[البخاري] واتە: (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی -سوارییەکەی- نوێژی دەکرد ئەگەر ڕووی لە هەرئاراستەیەک بووایە)، بۆیە ئەگەر ئاژەڵەکە ڕووی لە هەرشوێنێک بووایە دوور لە ئاراستەی قیبلەش هەر لە ئەنجامدانی نوێژەکەی بەردەوام بوو مەگەر بۆ ئەنجامدانی پێنج نوێژە فەرزەکە نەبێت، لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی دادەبەزی و لەسەر زەوی بەرەو ئاراستەی قیبلە نوێژی دەکرد، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (ولم يكن يَصْنَعُه -أي الصلاة على الدَّابة- في المكْتُوبة) [متفق عليه] واتە: (بۆ ئەنجامدانی نوێژی فەرز لەسەر پشتی ئاژەڵەکە نوێژی نەدەکرد). نوێژی فەرز دەبێت لەسەر زەوی ئەنجامبدرێت، مەگەر بەهۆی بیانوویەکی -عوزرێکی- شەرعیەوە نەبێت وەکو باران وترسی دوژمن کە ئازاری بدات ئەگەر دابەزێت لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی، یان نەخۆشی کە دەبێت لەسەر قەروێڵەکەی بە دانیشتنەوە ئەنجامی بدات، یان سواری فڕۆکە وئۆتۆمبێل وهاوشێوەکانیان بێت ونەتوانێت دابەزێت وبترسێت کاتی نوێژەکە نەمێنێت، لەم حاڵەتانە دەتوانێت لەسەر زەوی ئەنجامی نەدا، وئەم حاڵەتانەش بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر ئاسانکردنەوەیان ولابردنی ناڕەحەتی وحەرەج لەسەر ئەم ئومەتە لەوانەش خوای گەورە دەفەرموێت: {لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ}[البقرة: 286]، واتە:{خودا داوا لە هیچ کەسێک ناکات مەگەر بە ئەندازەی توانای خۆی}، وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ما استطعتم)[البخاري] واتە: (ئەگەر فەرمانێکم پێتانکرد ئەوا بە گوێرەی تواناتان ئەنجامی بدەن).



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee